دەستەی مافی مرۆڤ ڕاگەیەندراوەکی لەبارەی نەناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم لەلایەن بەغداوە بەاوکردوە



ئەمڕۆ هەینی ،دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوەکی لەبارەی نەناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بەاوکردوە ،ئاماژەی بۆکرد بۆیاری ڕاگرتنی مووچەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغدادوە بەهەر بیانوویەک بێت پێچوانەی بنەماکانی دەستوور و بۆیاری دادگای باڵای فیدراڵیە

وتیشی، "بۆینی قوتی خەڵک کە مافی خیانەت بە ژیانکردن، تاوانێکی گەورەیە، ئەوە جگە لەوەی مووچەخۆران تووشی دڵەڕاوکێ و ترس دێکات و کاریگەریی گەورە لە بازاڕ و کاسپیی هاوڵاتیان دێکات".

دەستەی مافی مرۆڤ باسی لەوەشکرد، لەکاتێکدا چەند ڕۆژێک ماوە بە جەژنی قوربان، لەبری ئەوەی بەغداد زووتر مووچە بنێرێت تاوەکو خەڵک بە جەژن پێداویستیەکانیان دابینبکەن، کەچی بۆیاری نەناردنی موچەیان دا و مووچەخۆرانیان هەناسسارد کرد.

دووپاتیشیدکاتەوە، تەکەکردنی مووچەی هاوڵاتیان بەهەر پرسێکی دیکە، کارێکی ڕەگەپێنەدرا و

نادەستوورییە.

داواش لە سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکات هەرچی زووە مووچەی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بنێرێت و، بە چارەسەری کێشەکانیش هەوەبدەن بگەنەوە بە سەر مێزی گفتوگۆ و دانوستاندن و پشتبەستن بە دەستوور و رێککەوتنەکان.

دەستکە داوای لە بەرپرسان و نوێنەرانی کوردستان لە بەغداد دەکات هەموو هەوڵێکی دیبلۆماسی و دەستووری بگرنەبەر بۆ دابینکردنی مووچە و شایستەکانی هەرێمی کوردستان و ناردنی مووچە پێش جەژن، چونکە چیتر فەرمانبەران بەرگەی ئەو سزایانە ناگرن کە بەرامبەریان دەکرێت.